# منداڵان پێوویستیان به ئێمه هه‌یه

هیدایه‌ت مه‌لا عه‌لی
hidayat_malaali@yahoo.com

پێش ئه‌وه‌ی ده‌ست به‌ نووسینه‌كه‌م بكه‌م به‌م نامه‌یه‌ هاوغه‌می خۆم بۆ دایك و باوك و سه‌رجه‌م خانه‌واده‌و كه‌س و كاری "ژیلان یوسف , ڕامیار یاسین , به‌مۆ كه‌مال , سه‌ركان كامه‌ران " ده‌رده‌بڕم و من ئێستا له‌ ناخه‌وه‌ هه‌ست به‌ ئازارو ناڕه‌حه‌تیه‌كانی ئێوه‌ ده‌كه‌م . ده‌زانم گیان له‌ ده‌ست دانی ئه‌و پارچانه‌ له‌ جگه‌رتان كه‌ به‌یانی له‌گه‌ڵ ئێوه‌ نان و چایان خواردووه‌ و نیوه‌ڕۆ چه‌ند لاشه‌یه‌كی ساردو سوتاویان بۆ هێنانه‌وه‌ به‌ ئاسانی له‌ بیر ناكرێت . من بۆ خۆم كه‌ ئه‌و هه‌واڵانه‌م به‌ر چاوكه‌وت هه‌رگیز وام هه‌ست نه‌ده‌كرد كه‌ هه‌ریه‌كێك له‌ مناڵه‌كانی ئێوه‌ له‌گه‌ڵ مناڵه‌كه‌ی خۆم جیاوازی هه‌یه‌ . جارێكی تر سه‌ره‌خۆشیتان لێده‌كه‌م .

ناوی ئه‌م چوار په‌پوولەیه‌ مشتێكه‌ له‌ خه‌رواری ئه‌م مانگه‌ی قوربانیه‌كان كه‌ منداڵانن هه‌ر چه‌نده‌ من دڵنیام سه‌دانی تر بوونه‌ته‌ قوربانی و ناوه‌كانیان و ڕووداو وه‌كانیان نه‌گه‌شتۆته‌ به‌رده‌م ئێمه‌و كۆمه‌ڵگا. منداڵان ئه‌و ئینسانه‌ بچووكانه‌ن كه‌ ده‌بێت ژیانێكی ئاسایش و خۆشگوزه‌رانیان بۆ دابین بكرێت و دووربن له‌ هه‌موو توندوتیژیه‌ك و هه‌رچی كۆمه‌ك ده‌كات به‌وه‌ی وه‌ك مناڵ هه‌ڵسووكه‌وتیان له‌گه‌ڵ دا بكرێت بۆیان فه‌راهه‌م بكرێت . منداڵان ئه‌و به‌شه‌ن له‌ كۆمه‌ڵگا كه‌ ده‌بێت سه‌ره‌ڕای هه‌ر هه‌لومه‌رجێكی ئابوری و سیاسی وكۆمه‌لایه‌تی ژیانی ئه‌وان نابیٚ بكرێته‌ بارمته‌و هه‌ر ڕۆژه‌ی تیپێكیان ببێته‌ قوربانی و بێده‌ربه‌ست بوونی ده‌سته‌ لاتداران . كوردوستان ئه‌و دۆزه‌خه‌یه‌ كه‌ بۆ منداڵان داخراوه‌و هه‌ر ڕۆژه‌ چه‌ند گیانێكی ناسك و گوڵئاسای ئه‌وان ده‌بێته‌ قوربانی سوونه‌تی كۆنه‌په‌رستانه‌ و دوواكه‌وتوانه‌ی په‌روه‌رده‌ و فێركردن و په‌یوه‌ندی نا ئینسانیانه‌ی نێوان منداڵان و مامۆستایان . له‌ سیسته‌مێكدا دار باشترین وه‌سیله‌ی فێركردن بێت به‌ دڵنیایه‌ وه‌ ترس له‌ ده‌رنه‌چوون و كۆبونه‌وه‌ی دایكان و باوكان ئاكامه‌كه‌ی هه‌ر سووتانه‌ له‌ خۆوه‌ نیه‌ "ژیلان " له‌شی ناسكی خۆی هه‌ڵده‌قرچێنیٚ و تادوا قسه‌ی هه‌واڵی فه‌سڵ كردنه‌كه‌ی ده‌پرسیٚ . له‌ كۆمه‌ڵگایه‌كدا هه‌موو كارێك پێش ئه‌وه‌ی ڕووه‌ ئینسانیه‌كه‌ی لێك بدرێته‌وه‌ كۆمه‌ڵێك سه‌رمایه‌دارو باخه‌ڵ برسی سوودو قازانج و پاشه‌كه‌وته‌كه‌ی لێك بده‌نه‌وه‌ به‌ دڵنیایه‌وه‌ له‌بری گه‌ڕانه‌وه‌ی "ڕامیار و به‌مۆ " له‌ خوێندنگاو ده‌ست له‌ ملان بوونی دایك و باوكیان ده‌بێت بكه‌ونه‌ چاڵی زێراب و گیانیان بسپێرن به‌ كێشه‌ی نێوان ده‌سه‌لاتداران و به‌ڵێنده‌ره‌كان . له‌ كۆمه‌ڵگایه‌ كدا خۆشترین جێگای یاری كردنی منداڵان سه‌ر سه‌لوێنك و كۆڵان و شه‌قامه‌كان بێت به‌ دڵنیایه‌وه‌ له‌بری ئه‌وه‌ی "سه‌ركان " بۆ ماڵه‌وه‌ بێته‌وه‌ ده‌بێت ببرێت بۆ نه‌خۆشخانه‌و ته‌نها قه‌ڵه‌م و ده‌فته‌ره‌كانی و جانتا خنجیلانه‌كه‌ی به‌ زیندووی هاوڕێكانی بۆی به‌رنه‌ ماڵه‌وه‌ . منداڵان شایسته‌ی ئه‌م ژیانه‌ نین . نابێت منداڵان چاڵی زێراب و ژه‌هرو ئاگر ژیانیان لێبسه‌نێته‌وه‌ . ده‌بێت منداڵان له‌ ژیانێكی منداڵانه‌و ئینسانی به‌هره‌مه‌ندبن . دابین كردنی ژیانێكی ئینسانی و منداڵانه‌ بۆ منداڵان پێوویستی به‌ خه‌بات و گرتنی یه‌خه‌ی ده‌سه‌لاتداران هه‌یه‌ ئه‌و كاره‌ به‌ منداڵان خۆیان ناكرێت . ئه‌وه‌ كاری ئێمه‌یه‌ كاری گه‌وره‌كانه‌. ئه‌وگه‌ورانه‌ی خه‌می نه‌ك مردن و ژیان به‌ڵكو فرمێسكێكی منداڵانیانه‌ . بێده‌نگ بوون له‌ سه‌ختی ژیانی منداڵان و سووتان و خنكان و ژه‌هراوی بوون و ده‌ست درێژی جنسی بۆ سه‌ریان هیچ ته‌بریرێك هه‌ڵناگرێت .

من به‌م نامه‌یه‌ بانگه‌وازی سه‌رجه‌م ڕێكخراوه‌كانی به‌رگریكه‌ر له‌مافه‌كانی منداڵان ڕۆشنبیران , مامۆستایانی مناڵ دۆست , هونه‌رمه‌ندان , ئینساندۆستان ده‌كه‌م مه‌سئوولانه‌ بێینه‌ مه‌یدان و به‌ر هه‌ر شێوه‌یه‌ك بۆمان ده‌كرێت فشار بهێنین بۆ ده‌سه‌لاتداران . ووتار , نامه‌ی ناڕه‌زایه‌تی , ئیمزا كۆكردنه‌وه‌ , ڕێپێوانی دایكان و باوكان و كه‌س و كاری منداڵانی قوربانی , سیمنار , ڕاگه‌یاندن , ده‌ركردنی بلاوكراوه‌ , ناردنی نامه‌ی كراوه‌ بۆ به‌رزانی و تاڵه‌بانی , گه‌رم ڕاگرتنی قسه‌وباس له‌ نێو ئیداره‌ی خویندنگاو مامۆستایان , نووسینی شیعرو چیرۆك وشانۆ بۆ ڕسوا كردنی ئه‌م تاوانانه‌ . ده‌توانێت هه‌ولێك بێت له‌ ڕاستای سه‌رخستنی كاره‌كانمان و كۆبونه‌وه‌مان له‌ ده‌وری یه‌كتری بۆ ئه‌م داخوازیانه‌ .

1.گۆڕینی سیسته‌می په‌روه‌رده‌و فێركردن به‌ سیسته‌مێكی پێشكه‌ووتو ئینسانی كه‌ بتوانێت له‌بری زیندان خوێندنگا بكات به‌و جێگایه‌ی كه‌ منداڵان سه‌رجه‌م تواناو داهێنانه‌كانیان تێدا ئه‌نجام بده‌ن .

2.برسینه‌وه‌و دادگای هه‌ركه‌س و ده‌زگایه‌ك كه‌ ده‌بێته‌ مایه‌ی ئازارو ئه‌شكه‌نجه‌ی منداڵان جه‌سه‌دی و نه‌فسی .

3.قەدەغە کردنی وانەی مەزهەبی و ئەو وانانەی دەمارگیری قەومی دروست دەکات .

4.قەدەغە کردنی لێدان لە ژێر هەر بیانوویەکدا .

5.دابین کردنی سەرجەم پێداوویستیەکانی خوێندنگابۆ مامۆستایان وخوێندکاران ئەو پێداوویستیانە دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیاری ئێستا بگونجێ .

6.دابین کردنی بودجەیەکی کراوە بۆ پێداوویستیەکانی مناڵان لە گەڕەك و ماڵ و لە خوێندنگا.جێگای یاری , کتێبخانە , هۆکانی گوێزانەوە ,مەلەوانگە و هتد .

7.کردنەوەی خولی تایبەت و ناردنی مامۆستایان بۆ دەرەوەی وولات لەگەڵ هێنانی سەرجەم ئەو کەرەسانەی کە تواناکانی مامۆستایان وەك مامۆستایەکی هاوچەرخ دەباتە سەرەوە .

8.گۆڕینی سەرجەم بەرپرسانی پەروەردەی لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر چونکە هەتا ئێستا کەسیان مەسئولیەتیان لە خۆیان نیشان نەداوە لەم ڕووەوە جێگرتنەوەیان بەو کەسانەی کە لە بوارەکانی بەرگری کردن لە مناڵان نەخشیان هەیەو دەتوانن خزمەت بکەن و هەڵبژێراوی نێو ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردنن و مناڵ و زانست بە نەهجێکی پیشکوتووخوازانە پێکەوە دەبەستنەوە .